شیعر

گۆران ڕەسووڵ


# گەمەی هاوکێشەکان

**بۆ (ن) کە هەمیشە پێم دەڵێ:**
**تۆ پیاوێکی لە وەهم**

**ئەم ئێوارەیە دڵم تەنگە**
**وەک هەموو ئێوارەکانی تر**
**من چێژ لە دڵتەنگی خۆم وەردەگرم**
**دەچمەوە شەقامی تەنیایی و**
**دەزانم لەوێ ئاسوودەترم دەست ناکەوێ**
**بەدەم بیرکردنەوە لە بیۆگرافیای عەشق، جگەرەیەک دادەگیرسێنم**
**من پیاوێکم لە شیعر**
**ئیدی کە تۆ تاقەتی خوێندنەوەی دێڕێکت نییە**
**تا زووە ئەم کتێبە گەورەیەی ناو دەستت دابخە**
**من پیاوێکم لە فڕین**
**تۆ کە ناتوانی باڵی شکاوی چۆلەکەیەک ببەستی**
**واز لە هاوڕێیەتی ئەم هەموو کۆترە بهێنە**

من لەگەڵ خۆمدا تەنیام و
ئەو دەمانەی لەگەڵ تۆشدام هەمان تەنیایی ئاوێزانم دەبێ
با چێژ لە تەنیاییم وەرگرم
لەزەت لە پەستیم......
دەچم لە ناو شیعرێکی تەڕدا خۆم دەخنکێنم و
لە دوای خۆمەوە
مشتێ وشەی خەمبار و پێنووسێکی شەکەت جێ دەهێڵم

تۆ منت وا راهێناوە کە هەمیشە
زەماوەند لەگەڵ شکستەکانمدا بکەم و
خۆم پیلان بۆ رووخانی خۆم بگێڕم



بمبەخشە ئەی خۆر
کە ئەم ئێوارەیە لە ئاوابوونت بە پەلە بووم

لەزەت لە ئاوابوونی خۆم وەردەگرم و
چاوەڕێی هەڵهاتنی خەمێکی نوێ دەکەم
حەز بە تاریکی و تەنیایی دەکەم
دەمەوێ یەک یەک برینەکانم و خەفەتەکانم لەگەڵ خۆمدا گەورەکەم
بمبەخشە ئەی خۆشبەختی زۆر لەمێژە چاوەڕێتم و هەر دەرنەکەوتی
بۆیە ئێستا مەینەتییم لە تۆ خۆشتر دەوێ

ئەی نێردراوە جەهەنەمییەکەم
پێم ناڵێ تۆ کە پڕیت لە ئاگر و سووتان
ئەم هەموو گوڵ و جوانییە چییە لە ناو خۆتدا هەڵت گرتووە؟!
تۆ گڵپەی ئاگرت لێ هەڵدەستێ و

دەوروبەریشت پڕ کردووە لە بۆنی گوڵ
خودایە لە هەموو شتێکت تێ دەگەم، تەنیا لە نێردراوە جەهەنەمییەکەت نەبێ

بەردەم پەنجەرە پەمەییەکەی تۆ جێ دەهێڵم و
لە دوای خۆمەوە حەسترەتگەڵێکی عاشقانە جێ دەهێڵم
کەچی پاشماوەی تۆ لە هەر شوێنێ
سندووقێک ڕاڕایی و ڕۆژنامەیەک لە بێهوودەیی دەبێ

هاوکێشەکانی منیش پڕن لە بێ مانایی
وەک نوێژە خێراکانی هاوڕێیەکەم



ئەی فریشتە جەهەنەمییەکەم
تۆ چێژ لە سووتان وەردەگری
تۆ حەز بە بۆسۆ دەکەی
تۆ لەگەڵ قرچە قرچەی ئاگردا سەما دەکەی
منیش ناچارم و ئیدی دەبێ حەز بە قەقنەسبوون بکەم


هاتووم دەمەوێ یارییەک لەگەڵ تۆدا بکەم و
دەشمەوێ بدۆڕێم
تۆ سەر لەو هاوکێشانە دەرناکەی
کە لە لاپەڕەی یەکەمی دەفتەرەکەتدا بۆم نووسی

تۆ دەتەوێ
من لەسەر دووبارەییەکانی خۆت و زەمەن ڕابهێنی
کەچی من دەمەوێ جیاواز لە ئەمڕۆی تۆ و دوێنێی خۆم بژیم
جەخار نەمتوانی
پێناسەیەکی کورت

بۆ ئەم تەنیاییە درێژەی خۆم بکەم

ماڵی مردن پێنازانم
ئەگەرنا هەر بەم درەنگە شەوە دەبوومە میوانی
بۆ هەر ئەو دەزانێ میوانی ناوەخت ببێ

لە ئەستێرە کزەکانی سەر ژوورەکەتەوە سەیرکە و ببینە کە
لە ناو خۆمدا پەرستگەیەکەم چێ کردووە
تیایدا هێندەی هەموو کڵێسا و مزگەوتەکانی دنیا عیبادەتی تۆ دەکەم
بەڵام هەرجارێ لە تۆ وردببمەوە
یەکسەر
(لقد خلقنا الأنسان فی أحسن التقویم)م دێتە بەر گوێ و
هێندەی تر بەندایەتی لە ناو پەرستگاکەم دەمگرێ
جەخار جەخار
نازانم لە نێوان ئەم بۆچوونە دەمامکدارانەی تۆدا
بیر لەچی بکەمەوە؟!
نا دەچم بۆ ڕەوینەوەی تەنیاییم
گفتوگۆ لەگەڵ هەنارێک دەکەم
بۆ قووڵکردنەوەی گومانەکانم دەچم
پیاسەیەک لەگەڵ "دیکارت"دا دەکەم
بۆ ئەوەی چەند چرکەیەک ژیر ببمەوە
دەچم باوەش بە هەورێکدا دەدەم
بۆ نووسینی هاوکێشەیەکی بێ ماناتر
دێم کەمێک عەشق لە تۆ وەردەگرم



هەولێر – ٢٠٠٩